# سەنتەری گە نجانی رانیە .... دەسەڵاتی کوردی لەبەردەم رەخنەی خەڵکدا

**لە هێڤارەوە**

لەدرێـژەی کـارو چـالاکیە بەردەوامـەکانی سـەنتەری چـالاکی گـەنجانی رانیـەی سـەر بـە منداڵپارێزی کوردستان کە لە میانەی وەرزێکی رۆشنبیریدا کۆمەڵێك کارو چالاکی هەمەجۆر بەئەنجامی دەگەیەنێت بەشی راگەیاندنی سەنتەر رۆژی پێنج شەممە رێکەوتی ٢٠٠٦/٧/٦ کاتژمێر ٥،٣٠ ئێوارە لە باخچەی سەنتەر کۆرێکی رۆشنبیری بۆ نوسەر و رۆژنامەنووس ( جبار سابیر ) لەسەر ( دەسەڵاتی کوردی لەبەردەم رەخنەی خەڵکدا ) ساز کرد .کە تێیدا جیا لە گەندەڵی و رەخنە و نارەزایی خەڵك باس لە کەموکورتیەکانی دەسەڵاتی سیاسی کوردی و باگراوەنـدە کۆمەڵایـەتی و مێژوویـەکانی کۆمـەڵگای کـوردی کـرا کـە سیاسـەتێکی نـا تەندروسـت و تـاکێکی لاوازی وە بەرهـەم هێنـاوە . دوا بـەدوای کۆرەکـەش ئامادەبوان بـە گفتوگۆ و راگۆرینەوە بەشداریان لە بابەتەکە کرد .

پێویسـتە بگوترێـت کۆرەکـە لـە لایـەن ( هەڵمـەت ئـەمیر) بـەرێوە بـرا و سـەرجەم ٢ کاتـژمێری خایاند . ئەم چالاکیەی سەنتەریش بەشێکە لە نەریتێکی رۆشنبیری بەردەوام کە لە هەموو رۆژانی پێنج شەممە سەنتەری چالاکی گەنجانی رانیە کۆر و سیمیناری رۆشنبیری بەئەنجام دەدات .






